### هەندێک زانیاری سەبارەت بە گیران و شەهید بوونی

## مامۆستایان حەسەن قزڵجی و عەلی گەلاوێژ

ماڵپەڕی بی بی سی فارسی لە مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٢ بە دواوە هەندێک وتار و لێکۆڵینەوەی سەبارەت بە مێژووی ٦٠ ساڵەی حزبی توودەی ئێران بڵاو کردۆتەوە کە تا کاتی نووسرانی ئەم وتارە (٢٠١٢/٠٢/٢٦) ش هەر درێژەی هەیە.

نووسەری وتارەکان خەڵکانی جیاوازن و سەرەڕای ئەوەی حزب بۆچوونەکانیان بە هەڵە دادەنێت، بەڵام بەشێکی بەرچاویان بابەتی قورس و پڕ لە زانیارین. دیارە کەسێک کە ئەم هەڵسەنگاندنە دەخوێنێتەوە، ناکرێت سیاسەتی گشتیی بنکەی ڕاگەیاندنی بی بی سی و حکوومەتی بریتانیا و هەڵوێستیان بەرانبەر ڕێکخراوە چەپەکانیش بەرچاو نەگرێت.

خۆزگە کارێکی هاوچەشن سەبارەت بە مێژووی حزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێرانیش بەڕێوە دەبرا وشارەزایان لە سەر سیاسەت و کردەوەکانی حزب لە ماوەی نزیک بە هەمان ئەو ساڵانەی حزبی توودەی ئێران، بابەتیان دەنووسی. تەمەنی حزبی دیموکڕات و حزبی توودە زۆر لە یەکتر جیاواز نین.

هەرچۆنێک بێت، لە وتارەکاندا ئەوەی کورد و بۆکان بگرێتەوە، هەندێک زانیارین کە لە وتاری 'ئێرەج موسەددیقی' دا ڕەنگی داوەتەوە. وتارەکە لەژێر ئەم سەردێرەدا بڵاو بۆتەوە: "هەوراز و نشێوی حزبی توودەی ئێران لە دەیەی ٦٠دا: لە کامەرانییەوە تا ئیعدام"[1]

نووسەر خۆی، بە گوێرەی هەندێک شوێنی وتارەکە، توودەییە و زانیارییەکی وردی سەبارەت بە ناوی کەسەکان و مێژووی ڕووداوەکان هەیە، کە بۆ من گەلێک جێگەی سەرنجن. ئەوانەی خوارەوە بەشێکن لەو زانیارییانە سەبارەت بە گیران و کووژرانی نەمران حەسەن قزڵجی و عەلی گەلاوێژ لە زیندانی کۆماری ئیسلامیدا. خوێنەر بۆ زانیاریی زیاتر و پەیوەندیدانی باسی ئەو دوو کەسایەتییە بە سەرجەمی ڕووداوەکانەوە، دەتوانێ دەقی وتارەکە لەم ئەدرێسەدا بدۆزێتەوە:

http://www.bbc.co.uk/persian/iran/2012/02/120222_l10_mesdaghi_toudeh_party.shtml

### ١. سەبارەت بە مامۆستا حەسەن قزڵجی

*"...... لە ١٧ ی ڕێبەندانی ١٣٦١ [2] دا، زیاد لە ٥٠ کەس لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی و کادیری چالاکی حزب بە تۆمەتی جاسووسی گیران و لە زیندانی "کومیتەی هاوبەش (تەوحید) [3] کەوتنە ژێر*

[1] دەیەی ١٣٦٠ ی ئێران کەم و زۆر بەرانبەرە لەگەڵ هەشتاکانی سەدەی بیستەمی زایینی

[2] ١٣٦١/١١/١٧ = ١٩٨٣/٠٢/٠٧ بەراوردی ڕێکەوتی هەتاوی و زایینی من کردوومە و واهەیە یەک ڕۆژ ئەم لا و ئەولای هەبێت. ئەنوەر

[3] ئەگەر ئەو کومیتەیە هەمان "کمیته ضد خرابکاری" سەردەمی پەهلەوی بێت، لە حەوشی شەهرەبای کوللی ئێران لە نزیک مەیدانی تۆپخانەی تارانە و من لە ساڵی ١٩٧٤ دا ماوەی ١٠١ ڕۆژ لەوێ گیرا بووم. زیندانی کومیتە، شوێنی سەرەکی ئەشکەنجەی زیندانیان بوو،

*ئەشکەنجە..... لە ناویاندا نوورەددین کەیانووری، مەریەم فیرووز..... و مەلا حەسەن قزڵجی[4] و ... بوون...."*

کە وابوو، بە گوێرەی قسەی نووسەر، مامۆستا مەلا حەسەن دەبێ لە ڕۆژی ١٣٦١/١١/١٧ (١٩٨٣/٠٢/٠٧) دا گیرابێت. دیارە ئەودەم مامۆستا لە تاران دەژیا و شوێنی گیرانیشی هەر تاران بووە.

**٢. سەبارەت بە مامۆستا عەلی گەلاوێژ:**

*"..... لە حەوتەمی مانگی ئوردیبهشتی ٦٢ [5] لە توێی عەمەلیاتێک لە ژێر ناوی ڕەمزی "حەزرەتی عەلی" دا ١٧٠ کادیری حزب لە تاران و ٥٠٠ کەسیش لە شارەکانی تر [ی ئێران] بە ناوی بەرگری لە کودێتای سوپایی گیران، کە لە ناویاندا ئیحسان تەبەری، فەرەجوڵڵا میزانی، ....عەلی گەلاوێژ .... یش بوون...."*

واتە مامۆستا عەلی گەلاوێژ لە ١٣٦٢/٠٢/٠٧ (١٩٨٣/٠٤/٢٧) دا گیراوە. ئەویش ئەودەم لە تاران دەژیا و هەر لەوێش گیراوە.

*"... ڕۆژی١٠ ی ئوردیبهشتی ١٣٦٢ [6] ئیعتیرافاتی تەلەفیزیۆنی ئاغای کیانووری و ئاغای بیهئازین کە لە ژێر ئەشکەنجە لێیان وەرگیرابوو، بڵاوکرایەوە..... لە مانگی شەهریوەری ١٣٦٣ دا [7] نوورەددین کەیانووری، ......، عەلی گەلاوێژ بەرپرسی کوردستان [ی حزب] و..... لەژێر توندوتیژترین ئەشکەنجەدا مەجبوور کران لە مێز گردێکی تەلەفیزیۆنیدا بەشداری بکەن کە بەڕێوە بردنی لە ئەستۆی ئاغای عەموویی- بەرپرسی پەیوەندییە گشتییەکانی حزب دا بوو."*

نووسەر، ڕۆژی ئەو مێزی گردەی دەست نیشان نەکردووە وا گەلاوێژ تێیدا بەشدار بووە و تەنیا گوتوویەتی لە مانگی ٦ ی ساڵی ١٣٦٢ دا بووە، کە دەکاتە ١٠ ڕۆژ لە مانگی ٨ و ٢٠ ڕۆژ لە مانگی ٩ ی ساڵی ١٩٨٤ ی زایینی.

*"... لە مانگی ئابانی ساڵی ٦٦ دا[8] لە سەر پێشنیاری بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی حزبی توودە، مێزگردێک بە بەشداریی ڕێبەرانی گرووپە چەپەکان لە "حوسەینییەی ئێڤین" پێکهات کە ٢٧ دانیشتنی ٣ سەعاتە بوو، ١٦ دانیشتنیان تایبەت بە حزبی توودە و ١١ یان تایبەت بە گرووپە چەپەکانی دیکە بوو. ..... تەبەری و .... گەلاوێژ[9] ..... تێیاندا بەشدار بوون."*

**٣. ئەنجام:**

---

4 لەدەقەکەدا "قزلچی" نووسراوە

5 ١٩٨٣/٠٤/٢٧= ١٣٦٢/٠٢/٠٧

6 ١٩٨٣/٠٤/٣٠ =

7 ١٩٨٤/٠٨/٢٣ تا ١٩٨٤/٠٩/٢٢

8 = ١٩٨٧/١٠/٢٣ تا ١٩٨٧/١١/٢١ ی زایینی

9 ناوەکە وەک "گەلاویژە" نووسراوە

*".... حەسەن قزڵجی [لە مانگی] میهری ٦٣ دا[10] و ....... عەلی گەلاوێژ لە ساڵی ٦٦ [11] ........ لە ئەنجامی نەخۆشی و گوشاری زیندان و ئەشکەنجەدا، وەفاتیان کرد."*

نووسەر هەروەها دەنووسێت:

*".... لە بەڵگەنامەکانی حزبی توودە دا هاتووە کە عەلی گەلاوێژ لە ساڵی ١٣٦٤ لە ژێر ئەشکەنجەدا کووژراوە لەکاتێکدا کە تا نیوەی دووهەمی ساڵی ١٣٦٦ لە زیندانی ئێڤین بووە و لە مێزگردی ڕێبەرانی پەشیمانی گرووپە چەپەکان لە حوسەینییەی جەماران بەشداریی کردووە...."*

**کورتەی قسە، بەگوێرەی نووسەر، مامۆستا مەلا حەسەن لە مانگی میهری ١٣٦٣ و مامۆستا گەلاوێژ لە ساڵی ١٣٦٦ دا لە زیندانی ئێڤین و لەژێر گوشار و ئەشکەنجەدا گیانیان لە دەست داوە. ئەگەر حیساباتی نووسەری ووتارەکە ڕاست بێت، مامۆستا قزڵجی تەنیا ساڵێک و هەشت مانگ لە زینداندا ماوەتەوە و پاشان شەهید بووە. ماوەی مانەوەی مامۆستا گەلاوێژیش لە زینداندا، دەوروبەری چوارساڵ و نیو بووە و پاشان ئیعدام کراوە.**

یادیان بەخێر بێت.

تێبینی: نووسەری ئەم وتارە پێشتر وتارێکی دیکەشی نووسیوە کە هەر لە ماڵپەڕی بی بی سی فارسیدا بڵاو کراوەتەوە. وتارەکە لە ڕاستیدا لیستەیەکە لە ناوی ١٠٣ ئیعدامی حزبی توودەی ئێران لە هاوینی ساڵی ١٣٦٧ (١٩٨٨) دا. ئەوە ئەدرێسی وتارەکەیە و من لە ڕۆژی ٢٠١٢/٠٢/٢٧ دا بینیومە:

http://www.bbc.co.uk/persian/iran/2012/02/120222_l10_mesdaghi_toudeh_party_table.shtml

---

10 مانگی میهری ساڵی ١٣٦٣ ی هەتاوی بەرانبەرە لەگەڵ ١٩٨٤/٠٩/٢٣ تا ١٩٨٤/١٠/٢٢ ی زایینی

11 ساڵی ١٣٦٦ کەم و زۆر بەرانبەرە لەگەڵ ٩ مانگی ساڵی ١٩٨٧ و ٣ مانگی ساڵی ١٩٨٨ ی زایینی